کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-7-2007 14:05

## ئاراس.. دەنگێکی سادە، بەڵام ئەقڵێکی جوان. ... ماهیر:

لەش ولارێکی باریکی ئاکتیف و بەردەوام لە جوڵە، سەرێکی پڕ لە پرۆژەی گەورەی هونەریی داپۆشراو



بە پرچێکی درێژی ئاڵۆز، کەسایەتییەکی بەهێز و لە سەرخۆ و تا ئەپەڕی خاکی و سادە، هونەرێکی نەشئەبەخشی تازەستیل بۆ گۆرانی کوردی. خاوەنی هەموو ئەمانە مرۆڤێکی ڕۆحسووکە کە ڕەنگە تۆ پێی بلێی خەپە و ئەوی تر پێی بڵێ تەماتە و...... خانەوادەکەشی پێی بڵێن ئاراس.

من ئەگەر گۆرانیبێژ نەبومایە.. حەزم دەکرد نوسەرێک بم کە بە ڕاستگۆیی و بە بێ پەردە هەموو ئەو سەرنجانەی خۆم دەربارەی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی گۆرانیبێژان و بەرهەمەکانییان و بەرنامە هونەرییەکان و هەموو ئەو شتانە بنوسیبا کە پەیوەندییان بەم هونەرەوە هەیە و زۆر جار بایی نوسینێکی چەند لاپەڕەیی کەرەستەم لە لا دروست دەکەن. بەڵام بوونم وەکوو گۆرانیبێژێک زۆربەی کات بۆتە هۆی ئەوەی سەرنجەکانم لە دڵی خۆمدا هەڵگرم و نەیاننوسم نەوەک نوسینەکانم بکەونە ژێر کاریگەریی هەستی خۆپەرستی کە بە ڕێژەی جیاواز لە زۆربەی مرۆڤەکاندا بەدی دەکرێت.. هەرچەندە من هەموو کات هەوڵمداوە کە نەکەومە ژێر کاریگەریی ئەو هەستانە و بە ویژدانەوە حوکم لە سەر هەر کارێکی هونەری بدەم. بەڵام زۆر جار لێکدانەوەی لۆژیکییانە و بێ لایەنانەش دەربازیان نابێت لە بە هەڵە تەفسیر کردن کاتێک خاوەنی نوسینەکە لە هەمان بواردا بوونی دەبێت. مەبەستم ئەوەیە قسەکردن لە سەر گۆرانیبێژێک لە لایەن گۆرانیبێژێکی دیکەوە، بە تایبەتی کاتێک باس لە خاڵە نێگەتیڤەکان بکرێت ڕەنگە لە لای زۆر کەسەوە بە هەڵە لێکبدرێتەوە و وا هەست بکرێت کە مەبەستێکی شاراوە لەودیوی وشەکان هەیە.

بەڵام خۆ مەرجیش نییە هەموو ئەو نوسینانەی دەربارەی هونەر دەنوسرێن بخەینە قاڵبی ڕەخنەیەکی زانستی و ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی ڕەخنە ناچارمان بکات ورد و درشتی باشە و خراپەکانی شتێک یان کەسێک باس بکەین بەڵکو دەکرێت هەندێ جار بە سادەیی و تەنها وەکوو هاندانێک تیشک بخەینە سەر لایەنە جوانە شاراوەکانی کەسێک، بەو ئامانجە نا کە کەسی باسکراو لە خشتەبەرین و وای تێبگەیەنین کە ئەو تەنها لایەنی جوانی هەیە و کارەکانی زۆر بێ کەمو کوڕین.. کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانلێدان و دەسخەڕۆ کردنی ئەو کەسە و توشکردنی بە وەهمی (کامڵی) . بەڵام پێم جوانە ئەوە بکەم بە بەشێکی ئەرکی خۆم کە تا ئەو شوێنەی کات یارمەتیم دەدات هەوڵبدەم لایەنە جوانەکانی گۆرانیبێژانی کورد بە تایبەتی ئەو لایەنانەی کە گوێگر یان بینەری ئاسایی زۆر هەستیان پێ ناکات یان ئاگاداریان نییە. تا ئەو کاتەی دەبینە خاوەنی ڕەخنەیەکی جیدی کە لە سەر بنەمایەکی زانستی لایەنەکانی هونەری گۆرانی و موزیکمان تاوتوێ بکات و پێشخستنی هونەر تاقە ئامانجی بێت.

ئاراس کەسێکی زۆر هۆشیارە و زۆر بە باشی لە تواناکانی خۆی تێگەیشتوە بۆیە بە جوانیش توانیویەتی لە میانەی ئەو توانایەی خۆیدا کارەکانی بەوپەڕی سەرکەوتوویی ئەمجام بدات وببێتە خاوەنی شێوازێکی تایبەتی خۆی. حەزی جیاواز بوون لە لای ئاراس هێندە گەورەیە تەنانەت لە جل و بەرگ و جوڵە و شێوازی قسەکردنیشدا زۆر بە ڕوونی تایبەتمەندیی خۆی دەردەکەوێت. کە ڕەنگە زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەس ئەمە بە هەڵە لێک بدەنەوە و بە کەسێکی (نەرسیسی) لە قەڵەم بدەن کاتێک کە دەبینن لە کلیپەکانی و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی بە شێوازێکی زۆر جیاواز و تایبەت دەردەکەوێت و زۆر جار لە سەر جلەکانی دەنوسرێت (ئاراس) .

هونەری ئاراس زیاتر پشت بە ئەقڵ دەبەستێت وەک لەوەی بە بەهرەیەکی دەنگخۆشیی خوایی.. بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەوپێشچوون و گۆڕاندایە. چونکە هەروەکوو (ئەدمۆندۆ دیزنۆس) دەڵێت: "ئەو جوانییەی مرۆڤ بە ماکیاژ بۆ خۆی دروستی دەکات گرنگترە لەو جوانییەی سروشت پێی بەخشیوە چونکە تەمەنی ئەوەی دوەمیان کورتە و دوای ماوەیەک پیریی لە ناوی دەبات". ئەگەر ئەم بۆچوونە بە سەر گۆرانیدا بسەپێنین ئەوا دەبینین زۆر گۆرانیبێژ هەیە کە خوا دەنگێکی خۆشی پێ بە خشیوە بەڵام بە هۆی نەبوونی عەقلێکی جوان لە پشت ئەو دەنگە.. نەیتوانیوە هیچ زیادەیەک بخاتە سەر ئەو کارانەی کە لە زەمەنێکی پێشتردا ئەمجام دراون.. کەچی ئاراس بە دەنگێکی سادە و ئاسایی هاتە مەیدان بەڵام بە شێوازێکی نائاسایی و بە عەقلێکی جوان و جیاوازەوە کاری کرد.. بۆیە جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتوە لە گۆرانی کوردیدا.

ئاراس جگە لە هونەری گۆرانی کەسێکی دەسڕەنگینە لە بواری وێنەگرتن و دەرهێنانیشدا.. کە ئەمە وایکردوە تێڕوانینێک و پێشبینییەکی باشی هەبێت بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات، بەو مانایەی ڕەنگە زۆر جار بیرۆکەی کلیپێک خاڵی دەسپێکردن بێت لە لای ئاراس و دوای ئەوە هەوڵ بدات ڕیتمێکی گونجاو بۆ ئەو کلیپە و ئنجا مێلۆدییەکی گونجاو لە گەڵ ڕیتمەکە و پاشان تێکستێکی گونجاو لە گەڵ مێلۆدییەکە و لە ئەنجامیشدا گۆرانییەک دروست بکات.. واتا سوڕی دروستبوونی گۆرانییەک لە لای ئاراس ڕەنگە هەندێک جار پێچەوانە بێتەوە و ئەمەشیان دیسان تایبەتمەندییەکی دیکە بە کارەکانی و شێوازی کاردکردنی دەبەخشێت. ڕەنگە خەڵکانێک ئەم شێوازی کارکردنە بە نادروست و پێچەوانەی یاساکانی گۆرانی دابنێن بەڵام خۆ هەندێ جار شکاندنی یاسا لە هونەردا جوانترین حاڵەت دروست دەکات. ئاراسیش یاسا شکێنێکی جوانی گۆرانی کوردییە.

بە هیوای گەشانەوەی زیاتر بۆ ئاراس.

.. ئوپسالا .. 2007/7/7

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.